# بۆ شازاده هه‌باس میرزا

**هۆنراوه ی ئازاد كه‌ریمی**



شازادە گیان!

خۆری جوانی و ئازایەتی و خوڵک و سەفا

شایەنی تۆن

تاج و تەخت ونواندنی ڕێز و وەفا

لە تۆ جوانە جبە و خەڵات

شیری زێڕین، خنجێری ڕووت،

مۆری شایی و شاهەنشایی و کوڵە و قەبا

شازادە گیان!

بە نازناوی لە تۆ جوانت

بە شیری دایکی نازدارت

بە خاڵوانی گەردنگازت

سوێند بە سەری بەگ و ئاغای عەشیرانت

لە تۆ جوانە شازادە بوون،شاهەنشایی

بە بێترس و دهۆ و خەفا!

شازادە گیان!

گەورەی گەوران

تاجی سەری میر و ئاغا و بەگ و خانان

بە چاوی تۆ

بە ڕابردووی بەهادارت

به نرخی بەژن و باڵاکەت

بە جوامێری و شەرەفمەندیت

بەڕێز! گەورە! میری کوردان!

شازادەکەی کۆشکی "تاران"

لە تۆ جوانە جبە و خەڵات ،شیری زێڕین

مۆری شایی و ئەمر و فەرمان...!

هەولێر-٢٠١٤/٠٥/٢٧

شازادە هەباس میرزا مڵکارا (لە دایکبووی ١٨٣٩/١١/٢٧- مردن١٨٩٦/٤/١٤) ،شازادەی جێنشین، کوڕی خوالێخۆشبوو محەمەدشا قەجەر و خەج خانم شکاک.

نەواب هەباس میرزا کوڕی هەرە خۆشەویستی محەمەدشا قاجار بوو. خەج خانم دایکی هەباس میرزا کچی یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بە ناوی "یەحیا خانی چاری" لە هۆزی شکاک بوو.

محەمەدشا بە خۆشەویستیی باوکیەوە ناوی نا هەباس میرزا و نازناوی "نایب سەڵتەنە" واتە شازادە ی جێنشینی پێبەخشی...

ئەوەش ببوو بە هۆی ڕق و قینێکی بێوێنە دژ بە ئەو پیاوە بەڕێزە لە ناو بنەماڵەی شا و هۆزی قاجاردا...

کاتێ نەسرەدینشا (ناصرالدین شاە) لە پاش باوکی هاتە سەر حوکم، بە هۆی ئیرەیی و هەروەها ترس لە براکەی (هەباس میرزا) دووری خستەوە بۆ وڵاتی عوسمانی و بۆ ماوە ی٢٧ ساڵ لە بەغدا و ئەستەنبۆل ئەژیا، کاتێ گەڕایەوە بۆ ئێران نەسرەدینشا نازناوی "مۆلکارا" بە واتای خەمڵ و زینەتی پاشایەتی پێبەخشی و کردی بە دەسەڵاتداری ویلایەتی پێنجەم واتە "زەنگان"...

دواتر بە هۆی گومانی نەسرەدینشاوە بەرەو قەفقاز کۆچی کرد و بە ناوبژیوانی میرزاحسێن خان مشیردەولە گەڕایەوە و ئەمجارە بوو بە وەزیری "داد"ی ئێران...

دوای دوو ساڵ لە کاتی غارەئەسپدا بە هۆی ڕاوەستانی دڵ(ئانفارکتووس) کۆچی دوایی کرد...

هەباس میرزا پیاوێکی زانا و خوێندەوار بووە و لە ژێر دەستی "ڕەزاقولیخان هیدایەت" پەروەردە کرابوو...

تێفکرە ئەگەر ئەو ببوایە بە شای ئێران چ دەبوو؟

Prince Abbas Mirza molkara crown King's successor of Iran, son of king Mohammad Qajar, in the 19th century...his mother is khadija khanm Shikak.

Shikak is a famous tribe in kurdistan's history

عباس میرزا ملک آرا ولیعهد ایران و فرزند محمدشاه قاجار پادشاه ایران.عباس میرزا فرزند خدیجه‌خانم شکاک از عشایر بسیار معروف کردستان است.اسماعیل آغا شکاک معروف به سمیتقو از اقوام مادری شاهزاده عباس میرزا هستند. دشمنیهای ناصرالدین شاه و مادرش در حق این شاهزاده‌ی نیمه‌کرد درتاریخ مشهوراست.